# ڕۆڵی دووبارەکردنەوە لە بنیاتنانی ڕیتمی ناوخۆی شیعر دا، شیعرەکانی (ئەمین بۆتانی) بە نموونە

**ID No. 446**

(PP 239 - 254)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.14

**سالار احمد فخری**

کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

salarahmed416@gmail.com

**محمد بکر محمد**

کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

mohammed.bakir@su.edu.Krd

**وەگـــــرتن : 2022/07/31**

**پەسندکردن : 2022/10/13**

**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

ڕیتم بە شێوەیەکی گشتی بنەمایەکی سەرەکی هەموو دەقێکی شیعریە . چونکە دەکرێت شیعرێك بێ کێش بێت یان بێ سەروا بێت، بەڵام هیچ شیعرێك بێ ڕیتم نابێت ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە لێرە دا ڕیتمی ناوخۆی شیعرە .کە ئەم جۆرە ڕیتمە پەیوەندییەکی پتەوی بە باری دەرونی شاعیرەوە هەیە . ڕیتمی ناوخۆ لە شیعری هاوچەرخ دا وەك جێگرەوەیەك بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕیتمی دەرەوەی شیعر . شاعیران بە هۆی ڕیتمی ناوەوە ئاوازێکی داهێنەرانەیان بە دەقەکەیان بەخشیوە. یەکێك لە دیاردە گرنگەکانی ڕیتمی ناوخۆیی دووبارەکردنەوەیە ، بۆیە دووبارەکردنەوە بە سەرچاوەی دروستبوونی زۆربەی ڕەهەندە مۆسیقاییەکان دادەنرێت . لە شیعری هاوچەرخیش دا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت.تا ئەو ئاستەی کە وەکو تایبەتمەندییەکی شیعری هاوچەرخ دابنرێت (ئەمین بۆتانی) یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد کە لەم قۆناغە دا وشەکانی ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە . زمانی شیعری پڕە لە دووبارەکردنەوە بەم شێوەیەش ڕیتمی ناوخۆیی شیعری دەوڵەمەند کردووە دیوانەکەی بە ناوی (هەڵبەست) کە لەم کۆتاییانە دا چاپکراوە .بۆتە نموونەی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**کلیلە وشەکان:** ڕیتم، ڕیتمی ناوخۆیی ، دووبارەکردنەوە، ئەمین بۆتانی.

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەکە بریتییە لە (ڕۆڵی دووبارەکردنەوە لە بنیاتنانی ڕیتمی ناوخۆی شیعر دا شیعرەکانی ئەمین بۆتانی بە نموونە) لە بنیاتی توێژینەوەکە دا هەوڵدراوە زاراوە و پێناسەکانی ڕیتمی ناوخۆیی و هەروەها زاراوە و پێناسەکانی دووبارەکردنەوە و ڕۆڵ و گرنگی دووبارەکردنەوە لە بنیاتنانی ڕیتمی ناوخۆی شیعر دا بخرێنە ڕوو ، بە پشت بەستن بە دەقە شیعرەکانی ئەمین بۆتانی ، بنیاتی توێژینەوەکە لە پێشەکی و پوختە و پێنج تەوەر پێکهاتووە تەوەری یەکەم لە بارەی زاراوە و پێناسەکانی ڕیتمی ناوخۆیین و تەوەری دووەم لە بارەی زاراوە و پێناسەکانی دووبارەکردنەوەن ، تەوەری سێیەمیش لە بارەی ڕۆڵ و گرنگی دووبارەکردنەوە لە بنیاتنانی ڕیتمی ناوخۆی شیعر دایە و تەوەری چوارەمیش لە بارەی پۆلینکردنی دووبارەکردنەوە و ئاستەکانین ، تەوەری پێنجەمیش لە بارەی دووبارەکردنەوە و ئاستەکانی لە دەقە شیعرەکانی ئەمین بۆتانی دان ، ئینجا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

**هۆی هەلبژاردنی بابەتەکە**: ڕیتمی ناوخۆیی گرنگیەکی تایبەتی لە شیعری هاوچەرخی کوردی هەیە ، ئەم جۆرە ڕیتمەش ڕیتمێکی ئاڵۆزە و لە پێش وەختە دەستنیشان ناکرێت . خۆی بە توخمەکانی داهێنانەوە بارگاوی دەکات. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کەمترین توێژینەوە لەم بوارە دا بکرێت . هۆی هەلبژاردنی بابەتەکەش بۆ ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە بکەینە هەوڵێك بۆ زیاتر ناساندنی ڕیتمی ناوخۆیی و گرنگی دووبارەکردنەوە لە بنیاتی ڕیتمی ناوخۆ دا . هۆی هەلبژاردنی دیوانی(هەڵبەست) ی (ئەمین بۆتانی)بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر بە شێوەیەکی ئەندازیاریانە توانیەتی ڕیتمی ناوخۆیی بکاتە جێگرەوەی ڕیتمی دەرەوەی دەقی شیعر دا و زمانی شیعری بە دووبارەکردنەوە و شێوازەکانی دەوڵەمەند کردووە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوە دا هەڵدراوە زاراوەی ڕیتمی ناوخۆیی ڕوونبکرێتەوە کە زۆرجار ئەم زاراوەیە تێکەڵی زاراوەی ڕیتمی دەرەوە دەکرا. چەمکی ڕیتم لە نێوان ئەم دوو دیاردەیەی پێشوو لێك جیا بکرێنەوە . زاراوەی دووبارەکردنەوەش وەك

دیاردەیەکی چالاکی ڕیتمی ناوخۆیی ڕوونکراوەتە ، خوێندنەوەیەکی چڕ و ورد بۆ زاراوەکانی ڕیتمی ناوخۆیی و دووبارەکردنەوە و ئەدگارە هونەرییەکان کراوە . هەروەها لێهاتووی و کارامەیی شاعیر دەخاتە ڕوو لە بواری ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعری دا.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری توێژینەوەکە (ڕیتمی ناوخۆیی و دیاردەی دووبارەکردنەوە لە شیعرەکانی ئەمین بۆتانی)دەگرێتە خۆ . واتە هەموو هەوڵەکان لە بارەی ڕیتمی ناوخۆیی و دووبارەکردنەوە و ئاستەکان و شێوازەکانی دەبێت.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ڕێبازی بەکار هاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە ، بریتییە لە ڕێبازی( وەسفی – شیکاری).

## 1- زاراوە و پێناسەکانی ڕیتمی ناوخۆیی:

چەمکی (ڕیتم - الأیقاع – Rhythm) ڕەگەزێکی بنچینەیی شیعرایەتی دەقی شیعرییە کە زۆر جار لە لایەن توێژەرانەوە لە گەڵ چەمکی (کێش – الوزن – Metre) دا تێکەڵکراون وەك (د.محمد بکر)لە ماستەر نامەکەی دا ئاماژەی بۆ کردووە ، بۆیە هەر لەو کاتەوە بە پێداچوونەوەی زۆرترین سەرچاوەکانی کلاسیك و نوێی بوارەکە هەوڵیداوە ئەو دوو چەمکە لە یەکدی جیا بکاتەوە و سنووری نێوانیان دەستنیشان بکات ((کێش وەکو تەرازوویەکی پێوانەکردنی برگەیی سەر بە ئاستی ڕووتی توانایە ، لە هەموو بارێك دا ئاماژە بە هاو ژمارەیی برگەکان دەکات ، ڕیتمیش وەکو چالاکیەکی سیمانتیکی سەر بە ئاستی جێبەجێ کردنە ڕستە زمانیەکان تەنیا لە ڕێگەی ڕیتمەوە لە دەستە دەنگیەکاندا کۆ دەکرێنەوە و کەسایەتی مۆسیقایی دێرەکان بەرجەستە دەکەن))(بەکر ،2004 ، ل63)واتە هەردوو زاراوەی کێش و ڕیتم بە زۆری لەیەکتر جیانەکرانەتەوە بە جۆرێك کاتێك کە زاراوەی ڕیتم بە کار دەهێنرێت ئەوا چەمکی کێشیش لە خۆ دەگرێت ، لە کاتێك دا کێش بە پێی پۆلینکردنەکەی (د.محمد بکر)شێوەی ڕێکخراوی ڕیتمی گشتییە. بۆیە پێویستە لێرە دا زاراوەی ڕیتم بە شێوەیەکی ڕەها بە کار نە هێنرێت ، بەڵکو زاراوەی ڕیتمی ناوخۆیی بۆ شێوازێکی موزیکی جگە لە کێش لە دەقی شیعری دا بە کار بهێنرێن . بەڵام وەك گوتمان زۆرینەی پێناسەکانی ڕیتم لە لای ڕەخنەگران بە شێوەی ڕەهاکەی خراونەتە ڕوو ، لێرە دا هەوڵ دەدەین زاراوە و پێناسەکانی ڕیتمی ناوخۆیی بخەینە ڕوو.

زاراوەی ڕیتم لە زمانی ئنگلیزی دا(( Rhythm ) و لە زمانی فەرەنسی دا (Rhythme) کە هەردووکیان لە زاراوەی (Rhythmos) وەرگیراوە و بە واتای چوون یان بلقدانی ئاو دێت))(علوان،(؟)،ص27) لە زمانی عەرەبی دا زاراوەی(الأیقاع) و لە کوردیش دا زاراوەکانی ((ڕیتم ، ترپە ، ڕەزم )) بە کار دێن بەڵام ڕیتم لە هەموویان زیاتر بە کار دێت(عزیز،2009،ل17)

لە ڕەخنەی شیعری نوێ دا (ڕیتمی ناوخۆیی) شوێنێکی فراوانی گرتووە و بۆچوونی زۆری لە خۆ هەڵگرتووە . مەبەست لە زاراوەی ڕیتمی ناوخۆیی دووبارەبوونەوەی ڕەگەزێکی ڕێکخراوە جا ئەم ڕەگەزە کەرەستەیەکی زمانی بێت وەك دەنگ ، وشە ، ڕستە یا خود دیاردەیەکی سروشتی ژیان بێت وەك شەو و ڕۆژ.. بە شێوەیەکی وردتر دەتوانین بڵێین ڕیتمی ناوخۆیی ((هەستپێکردنی تایبەتی شاعیرە بە دەنگ و وشە و فرێزەکان ، کە لە نێو دەق دا بە شێوەیەکی ڕێکخراوی گونجاو دێت واتە هەست پێکردنە بە جوانکاریەکانی زمان و بها دەنگی و تەرکیبی))(الوجي,1989,ص81)

((ئەم جۆرە ڕیتمە وەك ڕیتمی دەرەکی تەنیا سەنگی خۆی ناخاتە سەر لایەنی دەنگی بەڵکو لە گەڵ ئەمەش دا هەوڵ دەدات پەیوەندی لە گەڵ ئاستەکانی تری دەق وەکو ئاستی تەرکیبی و سیمانتیکی بە هێز بکات))(بکر، 2004،ل81)بە تایبەت ئەگەر بزانین کە فەلسەفەی ڕیتم لە شیعری نوێ دا ((بە شێوەیەکی جووتەکی کارەکانی ئەنجام دەدات لە ڕەهەندی مۆسیقایی تێدەپەرێت بۆ ڕەهەندی سیمانتیکی ))(عبید، 2002،ص6)واتە ڕیتمی ناوخۆیی ((لە دوو ڕووەوە گرنگی خۆی هەیە یەکەمیان لە ڕووی واتاوە دووەمیان لە ڕووی جوانکارییەوە))(گەردی،2018،ل210)بۆیە ڕیتمی ناوخۆیی ((دووبارەکردنەوەی دیاردەیەکی دەنگیە لە چەند جێگایەکی ڕێك یان نزیکی برگەکان دروست دەبێت))(بەکر، ل169)هەروەها ((ڕیتمی ناوخۆیی خۆی لە ڕێکخستنی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێرە شیعر و پاش و پێشکردنیان و دووبارەکردنەوەیان دا دەردەخات بە مەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ کە هەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە کاریگەرترە))(ئاسۆ، 2009،ل 130)واتە شاعیر لە ڕێگەی ڕیتمی ناوخۆوە شیعرایەتیەکی جوان بە دەقەکەی دەبەخشێت چونکە ((هەموو دەقێکی شیعری تەواو ڕیتمێکی تایبەت بە خۆی هەیە گەڕان بە دوای ئەو ڕیتمە دا تێگەیشتن و هەستکردن بە ئێستاتیکای دەقەکە قول دەکاتەوە))( حسێن، 2008،ل203)یەکێك لە سیما دیارەکانی ئەم جۆرە ڕیتمە ئەوەیە کە ((ل دویڤ یاسا و دەستورێن پێش وەختە ناهێتە دانان ، بەلکو ڕەنگڤەدانا حالەتەکێ دەروونیێ هوزانڤانیە یان ژی هەڤگونجاندنەکا دەنگیە و د خودی زمانی دا دروست دبیت))( ڕەشید، 2017، ل26)واتە لە ڕیتمی ناوخۆیی دا ((چ پیڤەرێن جێگیر نینن کو ڕیتما ناڤخویی پێ بهێتە پیڤان دا کو ڕاستیا وێ ژ شاشیا وێ بهێتە ڤاڤارتن و بەرچاڤکرن))(نهێلی، 2007،ل315)یەکێك لە بنەماکانی شیکردنەوەی شیعری بێ کێش لە ڕووی ڕیتم و دەنگسازییەوە شیکردنەوەی ڕیتمی ناوخۆیەکەیتی چونکە ((ڕیتما ناڤخویی ئێك ژ ڕەگەزێن گرنگێن هوزانێیە کو ب ڕولێ پڕکرنا ئەوێ ڤالاهیێ ڕادبیت ئەوا ژ ئەنجامێ ژ دەست دانا

ڕیتما دەرەکی دروست بووی ب تایبەت د ئەوان تێکستێن بێ کێش دا))(نهێلی، 2013،ل233)ڕیتمی ناوخۆیی پەیوەندی بە باری دوروونی شاعیرەوە هەیە بۆیە زۆر جار لە ڕێگای ڕیتمی ناوخۆیەوە شێوازی تایبەتی شاعیر دیاری دەکرێت . ئەمەش لە بەر ئەوەی کە شاعیر بۆ خۆی لە هەلبژاردن و چنینی وشە و دەستەواژەکان دا داهێنان دەکات بێ ئەوەی پابەندی یاسا دەرەکیەکان ببێت بۆیە ((دەستنیشانکرنا وێ یا ب ساناهی نابیت ، چونکە هەر شیعرەکێ تایبەتمەندیا خو هەیە)) (ڕەشید، 2021،ل116)بە کورتی ڕیتمی ناوەوە ((دەستنیشان ناکرێت چونکە تاکە کەسی و گۆڕاوە ، بە گوتن بەرجەستە ناکرێت لە خوێندنەوە دا دەردەکەوێت ، لە داڕشتندا ئەرکێکی هونەرییە لە هەڵوێستدانەوەدا ئیستاتیکی و لەوەرگرتندا خوێندنییە))(بەکر،2004، ل81).

**2- زاراوە و پێناسەکانی دووبارەکردنەوە:**

زاراوەی دووبارەکردنەوە لە ڕووی فەرهەنگەوە بە واتای بۆ دووجار یان زیاتر بە کارهێنان، بۆ مەبەستێکی تایبەت بە کار دێت . زاراوەی دووبارەکردنەوە (( (Repetition) وشەیەکی لاتینیە لە وشەی(repeater) هاتووە . بە واتای جارێکی دی هەول دەدات دێت و کە ئەمەش لە وشەی(petere) هاتووە بە واتای گەڕان دێت))(Scott:1980:P244) ))زاراوەی دووبارەکردنەوە لە زمانی ئنگلیزی دا لە فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد دا زاراوەی (( (Repetition) ))بەکار هاتووە(ناوخۆش،2013،ل296)لە زمانی عەرەبیش دا بەرانبەر زاراوەی دووبارەکردنەوە زاراوەی (التکرار) بە کار دێت که ئەمەش لە چاوگی (کر) داڕێژراوە سەبارەت بە لێکدانەوەی وشەی (الکر) لە فەرهەنگی (لسان العرب) دا چەند واتایەك بۆ ئەم زاراوەیە خراونەتە ڕوو لەوانەش بە واتای ((گەڕانەوەی سەر شت، هێنانەوەی جار لە دوای جاری شتێك بە دووبارەکردنەوە))(ابن منظور،1998،ص358) لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیش دا چەندان زاراوە بۆ ئەم دیاردەیە بەکارهێنراون لەوانەش لە فەرهەنگی موکریانی دا ((دووبارەپات، سەر لە نوێکردنەوە))(موکریانی،1388،ل299) هەروەها لە فەرهەنگی زاراوە دا ((دووپاتکردنەوە ، دووبارەرکردنەوە ))(حەبیب،2002،ل 44) بە کار هاتوون. بەڵام لەگەل ئەمەش دا ئەم دوو زاراوەیە هاو واتای تەواو نین چونکە ناتوانن لە هەموو دەوروبەرێك دا بە تەواوی شوێنی یەك بگرنەوە. لەفەرهەنگی خاڵ دا هەردوو زاراوەی ((دووبارەپات ، دووبارەکردنەوە))بە کار هاتوون(خاڵ،2005،ل192)لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی دا زاراوەکانی ((دووبارە ، دووبارەکردن))بە کار هاتوون. (لێژنەی ئەدەب،2006،ل155)هەروەها لە فەرهەنگی گۆڤەند و ناز زاراوەی ((دووبارەکردنەوە))بۆی بە کار هاتووە(عارف،2006،ل244)لە فەرهەنگی "شیرین"ی نوێ دا زاراوەکانی ((وتنەوە ، دووبارەکردنەوە ، دووپاتکردنەوە))بە کار هاتوون (نیزامەدین، 2007،ل411)لە فەرهەنگی زانکۆیی دیدار دا زاراوەکانی ((دووبارەکردنەوە، تازەکردنەوە))بۆ ئەم دیاردەیە بە کار هاتوون.(موستەفا،2008،ل379)لە فەرهەنگی مەورید دا زاراوەکانی ((دووبارەکردنەوە ، دووپاتکردنەوە))بە کار هاتوون.(عمر،2013، ل411) هەروەها زاراوەی ((دووبارەکاری))یش بۆی بەکار هاتووە(گەرمیانی،(؟)ل110)کە ئەمەش زۆر لە زاراوەی دووبارەکردنەوە نزیکە لە هەمان سەرچاوەوە هاتووە هەروەها زاراوەی ((گەڕانەوە))ش بە کار هاتووە(محمود،2009،ل184)ئێمە ئەم زاراوەیە بە پەسەند نابینین چونکە شاعیر ناگەڕێتەوە سەر وشەکە بەڵکو وشەکە بۆ مەبەستێکی دیارکراو بە کار دێنێت . کە ئەمەش ڕاستەوخۆ لە چەمکی (جوینەوە)دوورمان دەخاتەوە ، چونکە داهێنان لەم دیاردەیە دا بەدی ناکرێت ، لە بەر ئەوەی لاساییکەرەوەیە . بەڵام ((دووووبارەکردنەوە تەنیا لە پێناو دووبارەکردنەوە نییە بەلکو تازەکردنەوەی واتاکانە نەك تەنیا دووبارەکردنەوە بێت))(گەرمیانی، (؟)ل124)لە زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی کە لە بەر دەستی ئێمەدان بە شێوەیەکی سەرەکی هەردوو زاراوەی(دووبارەکردنەوە و دووپاتکردنەوە)بۆ ئەم دیاردەیە بە کار هاتوون . بە بووچونی ئێمە زاراوەی دووبارەکردنەوە لە زاراوەی پاتکردنەوە فراوانتر و گشتگیرترە بۆیە ئێمە ئەم زاراوەیەمان بۆ توێژینەوەکەمان بە پەسەن بینی. یەکێك لە ڕەخنەگرە کۆنەکان کە لە بۆچوونەکانی خۆی دا ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە(الجاحظ)(ت225ھ)لەم بارەیەوە دەڵێت ((دووبارەکردنەوە قوڕسایی و کەم و کوڕی نیە ، هەر چەند بە مەبەستی گەیاندنی واتا بێت ، یا خود بانگکردنی کەسێکی نەزان یا خود کەسێك کە خۆی لە یاد کردبێت .دووبارە کردنەوەی پیتەکان قوڕسایی نیە هەر چەند دەرنەکەوتبێت بۆ پێداویستیەکان و جەختکردنی واتا))(زروقي،2012،ل9))هەروەها ئەم ڕەخنەگرە لە بووچونەکانی دا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە زۆر بە وریاییەوە ئەم هونەرە بە کار بهێنرێت تەنیا لە کاتی پێویست دا بێت. (نازك الملائکة) یەکێکە لە ڕابەرانی ڕەوتی نوێخوازی ، دوو یاسای بۆ دووبارەکردنەوە داناوە ((یاسای یەکەمیان لە سەر بنچینەی عاتیفە و هەست و باری دەروونی دروست دەبێت ، واتە دووبارەکردنەوە سووربوون و پێداگرتنی شاعیرە لە سەر لایەنێکی گرنگ لە دەستەواژەکە کە مەبەستی شاعیرە بۆیە زۆر زیاتر لەوانی دیکە گرنگی پێ دەدات . یاسای دووەمیان لە سەر بنەمای ئەندازیاری دانراوە کە بە هۆی دووبارەکردنەوەکە شاعیر دەبێت لە هەموو بارودۆخەکان دا ئاگادا بێت و پارێزگاری لێ بکات))(سەعید،2013،ل157)لە ڕەخنەی کوردیشدا دیاردەی دووبارەکردنەوە وەکو دیاردەیەکی شێوازگەری تەمەشاکراوە ، مەحموود زامدار لە بارەی پێناسەی دووبارەکردنەوە دەڵێت

((مەسەلەی دووبارەكردنەوە چ لە گۆرانی چ لە پەخشان چ لە ئاواز و چ لە تابلۆ دا ..تاد ، بەندە بە جەستەی ئێگرای ئەو بەرهەمە و داهێنانەوە . لە شیعریش دا پەیوەندییەكی قولی بە مانای وشەوە هەیە دەورێكی دیار لە هەلوێستەی شیعر و تەجرەبەی نێو قەسیدە و ژانەكانی شاعیر دا ئەگێرێ))(زامدار،1981،ل54)هەروەها د.عوسمان دەشتی لە بۆچوونێكی دا لە بارەی دیاردەی دووبارەكردنەوە دا دەڵێ ((دووبارەكردنەوە یاخود (التكرار) بە تایبەت لە شیعر و هۆنراوە دا یەكێكە لەو بنچینانەی كە بنیاتی مۆسیقای ناوەوە پێكدەهێنێ)) (دەشتی،2009،ل193)هەندێ لە نووسەران لە گۆشەنیكای زانستی ڕەوانبێژی و بەشی جوانكاری وشەیی پێناسەی ئەم دیاردەیان خستۆتە ڕوو لەوانەش د.عەزیز گەردی لەم بارەیەوە دەڵێ ((پاتكردنەوە ئەوەیە هونەر یان نوسەر وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك بێنێ و چەند جارێك پاتی بكاتەوە بۆ چەند مەبەستێكی تایبەتی بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێكەوە بۆ جارێكی تر واتایان نەگۆڕێت واتە نابێ وشەكان نە لە ڕوالەت و نە لە گوزەر دا هیچ گۆڕانیان بە سەر دا بێت))(گەردی،1975،ل47) هەروەها د.ادریس عبدالله لەم بارەیەوە دەڵێت ((پاتكردنەوە بریتییە لە بەدوا یەكدا هێنانەوەی وشەیێك ، جارێ ، یان دوو جار ، یان زیاتر ، ئەو وشانە هاوشێوە بن و هەمان واتا بگەینن ، یانیش شێوەیان جیا بێت بەڵام هاو واتا بن))(عبدالله،2011،ل245)بە بۆچوونی ئێمە دووبارەكردنەوە پێكهاتەیەكی گرنگی دەقی ئەدەبی بە گشتی و دەقی شیعری بە تایبەتییە هەلگری مانا و ئاوێنەیەكە باری دەروونی شاعیر پیشان دەدات . ئێدی لە هێور و هەلچوونەوە تا دلنیایی و خەم و شادی ، كە شاعیر لە خۆڕا فۆڕمێكی زمانەوانی دووبارە ناكاتەوە بەڵكو بە مەبەستە و ئەركێكی پێ دەسپێرێت و پەیامێكی پێ دەدات . سەرچاوەی بنەڕەتی دروستبوونی ڕیتمی شیعرییە.

**3-ڕۆل و گرنگی دووبارە كردنەوە لە بنیاتنانی ڕیتمی ناوخۆی شیعر دا:**

دووبارەكردنەوە یەكێكە لە دیاردە گرنگەكان لە بنیاتی دەقی شیعری بە گشتی و بنیاتی ڕیتمی بە تایبەتی ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە بە شێوەیەكی گشتی لە هەر سێ ئاستەكانی زمان دا لە دەقی شیعری كوردی كۆن و نوێ دا بە دی دەكرێت . بەڵام ئەوەندە هەیە كە دیاردەی دووبارەبوونەوە لە هەر سێ ئاستەكان دا لە ڕەخنەی نوێ دا زیاتر كاری لە سەر كراوە و هەروەها دووبارەكردنەوە لە لایەن شاعیرە هاوچەرخەكانەوە وەك دیاردەیەك مامەڵە لەگەڵ كراوە . دووبارەكردنەوە هۆكارێكی گرنگە بۆ خولقاندن و بە هێزكردنی بنیاتی ڕیتمی دەقی شیعری ((ژ بەر ڕول و ئەركێ بەرچاڤ و دیارێ دووبارەكرنێ د ئاڤا كرنا ڕیتما ناڤخویی دا كو وەكو ستوینەكێیە ئەو ل سەر دهێتە ئاڤاكرن، دشێین بێژین دووبارەكرن كلیلكا ڤەكرن و ئاشكەراكرنا بونیاتا ڕیتما ناڤخوییە))(نهێلێ،2007،ل222)د.عەزیز گەردی لە پەرتوكی (سەروا)دا ، گرنگی ئەم دیاردەیەی لە سێ خاڵ دا چڕكردۆتەوە و لە خاڵێكیان ئاماژە بەوە دەكات كە دووبارەكردنەوە ((بۆ پتەوكردنی ئاوازی شیعرەكەیە))(گەردی ،1999، ل32)ئینجا لە كۆتایی دا دەڵێت: ((هەموو دووبارەبووەكان ، هەر جۆرێك بن ، سودیان بۆ چۆشدانی ئاواز و قول كردنەوەی زەنگی شیعرەكە هەیە))(گەردی،1999،ل32)كەواتە دووبارەكردنەوە بۆ هەر مەبەستێك بە كار هاتبێت ، سوودی لە قولكردنەوەی ئاوازی شیعرەكە دەبێت . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە بڵێین ((هیچ بنیاتێك بە بنیاتی ڕیتمی ناژمێردرێت ئەگەر توشی دووبارەكردنەوە نە بێت ، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەكی گریمانەیش بێت))(جانكوهین،1986،ص87)گرنگی دووبارەكردنەوە لە بنیاتی ڕیتمی دا لەوە دایە كە ((كاردانەوەیەكی ڕاستەوخۆ و زۆر بەهێزی هەیە لە سەر مۆسیقای ناوەوەی شیعر چونكە شاعیر لە ئەنجامی ئەم دووبارەكردنەوەیە جۆرە ئاواز و ئاهەنگێكی تایبەت بۆ شیعرەكەی دەستەبەر دەكات. زۆربەی ئەو بنەمایانەی بەشداری لە دروستبوونی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەی شیعر دەكەن بە شێوەیەكی گشتی پشت بە بنەمای دووبارەبونەوە دەبەستنەوە))(حەوێزی،2014،ل91)كەواتە زۆربەی ڕەگەزەكانی مۆسیقای شیعری بە جۆرێك لە جۆرەكان سەرچاوەیان لەدیاردەی دووبارەبونەوە وەرگرتووە . بۆیە ((دووبارەبوونەوە بناغەی ڕیتمە بە هەموو جۆرەكانی كە وا لە مۆسیقا دەبینرێت ، هەروەها بناغەیەكە بۆ تیوری سەروا لە شیعر دا ))(گەرمیانی ،(؟) ل113)هەروەها دووبارەكردنەوە ((ئێك ژ وان بنەماێن سەرەكیە كو لایەنێ ڕیتمێ دروست دكەت ، ئانكو ڕیتم بخوە دووبارەكرنەكا ڕێكخستییە بو دیاردەیەكا تایبەت))(نهێلی،234،2013)كەواتە لێرە دا دیار دەبێت كە ((بێی دووبارە كرن ڕیتما هوزانێ دروست نابیت چونكی دووبارە كرن پێكهاتەكا سەرەكیا ڕیتما ناڤخویا هوزانێیە))(فەقی،2020،ل52) دووبارەبوونەوە بنەمای سەرەكی دروستبوونی ڕیتمی شیعرە چونكە ((مۆسیقای ناوەوە لە ئەنجامی دووبارەكردنەوەوە دێتە كایەوە))(گەردی،2018،ل212)خوێنەر هەست بە ئاوازی شیعرەكە ناكات تاكو دووبارەبوونەوە ڕوو نە دات . بۆیە دووبارەكردنەوە لە شیعر دا ((ڕاستیەكە و ڕیتم پێ دەولەمەند دبیت و ڕەنگڤەدانا دوخێ هەلچوونا دەروونێ شاعیری دكەت))(غازی،2008،ل159)كەواتە لێرە دا دەگەین بەو ڕاستیەی كە ((دووبارەكردنەوە بۆ زێدەڕۆیی و جوانكاری نییە ، كە هەندێ

شاعیر لە بەکارهێنانی دا سەرکەوتوو نە بووە ، چونكە تەنها مەبەستیان لاسایی کردنەوەی شاعیرانی ڕۆژئاوایە کە سوریالیستەکان و دادایيەکان بایەخیان بە فۆرمی هونەری شیعر دە دا ، بێ گوێ دان بە ماناکەی کە تەنها چوارچێوەی ئەندازەیی شیعریان لە لا مەبەست بوو))(سەعدوون،2009،ل319) یەكێك لە سیما دیارەکانی شیعری هاوچەرخ بایەخ دان بوو بە ناوەرۆکی شیعر و دەوڵەمەندکردنی بە چەندین دیاردەی هونەری ، لایەنە مۆسیقاییەکانیش لە شیعری هاوچەرخ دا بەشداری لە دەولەمەندکردنی ناوەرۆکی شیعردەکەن . پێوەندی بە لایەنی دەرونی شاعیرەوە هەیە ، چونكە ((ریتم –ڕیتمی ناوخۆیی- یەکێکە لەو ڕەگەزە دیارانەی کە ڕۆلی هەیە لە دەولەمەندکردنی ناوەرۆکی شیعر ، د.محسن اطمش هەوڵی داوە بیسەلمێنێ کە ڕیتمی ناوەوە ڕۆلی لە دەولەمەندکردن و خزمەتکردنی ناوەرۆکی شیعری هەیە)) (سەعدوون،2009،ل326)پەیوەستکردنی ڕیتم بە لایەنە دەلالیەکانەوە سەرەنجی زۆرێك لە ڕەخنەگرانی بۆ خۆی ڕاكێشاوە بە نموونە (ئارۆن کۆپلاند) پێی وایە کە ((ئێمە كاتێك دێرە شیعرێك دەخوێنینەوە ، لەو خوێندنەوەیە دا پێرەوی لە سیستەمی ژمارەی بڕگەی وشەکانی دێرە شیعرەکە دەکەین نەك ڕیتمەکەی ، چونکە ڕیتمەکەی تەنیا بە گوێرەی واتاکەی بە دەست دەهێنرێت))(بکر ،2004 ،ل 36-37)لەم ڕوانگەشەوە دووبارەکردنەوە وەکو سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی دروستبوونی ڕیتمی ناوخۆیی دێتە پێشەوە .

**4- جۆر و ئاستەکانی دووبارەکردنەوە:**

دووبارەکردنەوە یەکێکە لە سیما دیارەکانی زمانی شیعری، ئەم دووبارەکردنەوەیەش جۆرا و جۆرە و هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە پێویستە ئەم دووبارەکردنەوەیەش هونەری بێت ، بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی هەبێت . کەواتە دووبارەکردنەوەی هەر یەکەیەکی زمانی بە یەکێك لە ڕەگەزە بنچینەیەکان دادەنرێت لە بونیاتی ڕیتمی دەقی شیعری بە گشتی و بنیاتی ڕیتمی ناوخۆیی بە تایبەتی ، بۆیە هەر دووبارەکردنەوەیەك بۆ ((یەکەیێن دەنگی ، یات سینتاکسی ، یان مۆرفۆلۆجی ، یان مەجازی ، یان سیمانتیکی ، پتر دبیتە جهێ سەرەنج ڕاكێشانێ ، دناڤ ڤی سیستەمی د بنەڕەت دا ل سەر دووبارەکرنێ ڕاوەستیای))(حەسەنی ، 2007،ل 93)ئێمە پێش ئەوەی دووبارەکردنەوە و ئاستەکانی ، لە شیعرەکانی (ئەمین بۆتانی)دا پراکتیك بکەین ، بە پێویستی دەزانین ، کە لە ڕووی تیوریەوە ئاستەکانی دووبارەکردنەوە پۆلین بکەین ، پاشان دەست بە کاری پراکتیکی بکەین. پۆلینکردنی ئاستەکانی دووبارەکردنەوە ، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**1-4- دووبارەکردنەوە لە ئاستی دەنگ دا:**

پێوەندی نێوانی دووبارەکردنەوە یان ڕێکخستنی دەنگەکانی زمان و ڕیتمی شیعر دا دیاردەیەکی بەرچاوە کە شاعیرانی هاوچەرخ گرنگیەکی زیاتری پێ دەدەن ، بۆیە ڕێکخستنی ئەو دەنگانە وەك(د.محمد بکر)دەڵێت : ((وەنەبێت کارێکی ڕێکەوت بێت ، بەڵکو هەوڵێکی بە مەبەستی شاعیرە بۆ قەرەبووکردنی لە دەستدانی هاودەنگی قافیە))(بەکر ، 2004، ل83) دیارە ئێمە لەم ئاستە دا ، بە پێویستی نازانین چەمك و پێناسەکانی دەنگ لە بواری فۆنەتیك دا بخەینە ڕوو ، بەڵکو مەبەستمان ئەو ڕەگەزە دەنگیانەن کە بەشداری لە پێکهێنانی ڕیتمی شیعر دەکەن لەم بوارەشدا ((سێ ئاستی سەرەکی هەن کە سروشتی فۆنۆلۆژی هەر دەنگێکی زمان لە دوای دەنگەکان جیا دەکەنەوە( هێز – Lodness): کورتی و درێژی ڤاوڵەکان ، بە هێزی و بێهێزییان سەر بەم ئاستەن ، ( پلە - Pitch): ئاستی بەرزی و نزمی ئاوازەکانە ، (جۆری دەنگ Timbre):لەم ئاستە دا جۆری دەنگەکانی مرۆڤ بە گوێرەی قۆناغەکانی تەمەنی جیادەکرێتەوە))(بەکر ، 2004،ل80)لێرە دا نووسەر پێوەندی ئەو ئاستانەی پێشوو بە ڕەگەزی ڕیتمەوە ڕووندەکاتەوە و پێیوایە کە لە نێوانی ئەو سێ ئاستە دا ((ڕیتم پتر پێوەندی بە ئاستەکانی هێز و پلەوە هەیە ، بە تایبەتی بە سێ ئەدگار لەو دوو ئاستە دا (ماوە- Duration) و (سترێس – Stress) و (ئاوازە - Intonation)کە لە هەر زمانێك دا یەکێك لەو ئەدگارانە زاڵ و ئەوانی دی خاو دەبن ، جۆری ئەو پێوەندیەش لە نێوانی ڕیتم و ئەدگارە زاڵەکە دا سروشتی ڕیتمەکە دیاری دەکات))(بەکر، 2004، ل80)شاعیر بەهۆی دوبارەکردنەوەی دەنگەکان جورێك لە ڕیتم دروست دەکات و مۆسیقایەکی ڕەوان و سەرەنجراکێش فەراهەم دەکات بۆیە ((دووبارەبوونەوی دەنگ لە وشەکانی ناوەوەی دێرە شیعر قوڵ دەکاتەوە و ئاوازێکی خۆش بە شیعرەکە دەبەخشێ و کاریگەری بە سەر دەرونی خوێنەر بەجێدەهێڵێت))(حەویز،2018،ل289)هەروەها گرنگی دەنگەکان لەوەش دادەردەکەوێت کە ((مۆسیقای ناوەوەی ڕیتم بریتییە لە ڕێکخستنی دەنگەکان))(ئەحمەد،2013،ل19) دووبارەبوونەوەی دەنگ لە بنیاتی ڕیتمی ناوخۆ دا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پێکهێنانی مۆسیقای شیعری دا (عبدالکریم راسی جعفر) لە بارەی گرنگی دووبارەبوونەوی دەنگ دا دەڵێ ((دووبارەکردنەوەی دەنگەکان هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی ڕیتمی ناوەوەی شیعرە کە شاعیران هانای بۆ دەبەن و بایەخی پێ دەدەن لە نوسینی شیعر دا))(سەعدوون،2009،ل321)بۆیە شاعیری خاوەن بەهرە و سەرکەوتوو بە هۆی هەلبژاردن و دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگانە جۆرە مۆسیقایەکی سەرەنج ڕاكێش بۆ دەقەکەی دەخولقێنێت . چونکە ((شیعر یەکێ لە ڕەگەزە

سەرەکییەکانی مۆسیقاکەیتی ، ئەمر مۆسیقییەتە لە دووبارەبوونەوەی ڕێك و تایبەتی دروست دەبێت . دووبارەبوونەوەی دەنگ (بزوێن و نە بزوێن) لە وشە درێژەکان دا جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەر دەخولقێنێ))(گەردی ، 1998 ، ل 41) دووبارەکردنەوەی دەنگ پێناسە دەکرێت بەوەی کە ((بریتییە لە چەندین جار دووبارە کردنەوەی ئەو دەنگەی کە شاعیر دەیەوێت بەهۆیەوە مۆسیقای ناوەوە دروست بکات و بە پێی جۆرا و جۆری دووبارەکردنەوەی دەنگەکانیش دەبێتە هۆی پەیدابوونی ترپە(ڕیتم)ی جیاواز))(گەردی،2018،ل124)کاتێك کە ((شاعیر دەنگێکی تایبەت یان کۆمەلە دەنگێك دووبارە دەکاتەوە دەیەوێ جەخت لە سەر لایەنی مۆسیقای شیعرەکە یان پارچەیەك لە پارچەکانی ئەو دەقە بکاتەوە ، لە ڕێی چنینی مۆسیقی جۆرە چێژێك بە گوێگر و وەرگر دەبەخشێت))(ئەحمەد،2009،ل82)هەروەها دووبارەکردنەوە لەمر ئاستە دا ڕێکخستنی دەنگەکانی نێو دێرە شیعرەکانە بەمر شێوەیەش شاعیر هەوڵدەدات ((جوانی و سەرەنج ڕاکێشانەکێ بدەتە ئەوان پەیڤان و ڕیتمەکا ناڤخویی بو هوزانا خو پەیدا بکەت))(نهێلی ، 2013، ل 234)لێرە دا ڕۆل و گرنگی دووبارەبوونەوەی دەنگ نەك تەنیا لە سەر ئاستی دەنگ دا ڕۆلی لە بونیاتی ڕیتمی شیعری بەگشتی و ڕیتمی ناوخۆیی بە تایبەتی هەیە ، بەڵکو دووبارەکردنەوە لە هەر ئاستێکی زمان دا بێت شاعیر ناتوانێت دەستبەرداری دووبارەبوونەوەی دەنگ ببێت . بۆیە کاتێك شاعیر دەیەوێت وشەیەك دووبارە بکاتەوە ئەوا ئەو وشانە بە بێی دووبارەکردنەوەی هەمان دەنگ بەدی نایێت . ئەمر دیاردەیە بۆ ئاستی ڕستەش هەر ڕاستە بەڵام ئەمەش بەواتای ئەوە نایێت کە ((جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی ئاخەوتن تەنیا لە سەر ئاستی شیکاری دەنگی دەکرێ ڕونبکرێتەوە ، چونکە کاتێك ڕونکردنەوەی دووبارەبونەوەیەکی دەنگی تایبەت لەچوارچێوەی پێکهاتەی دەنگی دا نە گونجا ، پێویستە ئاستێکی شیکاری تر بگرێتە بەر کە بتوانێت سنوری کارایی دووبارەکردنەوەکە بگرێتەوە بەو هۆیەوە حوکمە هەندێك لە دووبارەبونەوەکانی ئاخەوتن لە سەر ئاستی شکاری وشەیی و ڕێزمانی لیێیان بکۆلرێتەوە))(صفوی ، 2018 ، ل 217)

**2-4 دووبارەکردنەوە لە ئاستی وشە دا:**

دووبارەکردنەوە لە ئاستی وشە دا لە شیعری هاوچەرخ دا ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەر ئەمەش لە بەر ئەوەی کە خۆی بۆ چەند مەبەستێك بارگاوی دەکات . شاعیری نوێخواز بۆ بەرجەستەکردنی هەلچوونە دەرونیەکانی پەنای بۆ دەبات . یا خود بۆ فراوانکردنی واتا و گەورەکردنی شتەکان وەك ئەرستۆ دەڵێت: ((ئەگەر ناوێك زۆر دووبارەکرایەوە وەك ئەوەیە کە زۆرت لە بارەیەوە گوتبێت))(ارسطو، 1979, ص 227)بەڵام دووبارەکردنەوەی وشە بۆ هەر مەبەستێك لە مەبەستەکان بێت ((دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی ئاوازی دەقە شیعریەکە))(صالح , 2015 ، ل 108)دووبارەکردنەوە لە ئاستی وشە دا بریتیە لەوەی کە ((وشەیەك دوو جار یان زیاتر بە هەمان واتا لە ناو پێکهاتەی دەقەکە دا دووبارە ببێتەوە ، جا بە هەر مەبەستێك بێت))(خۆشناو ، 2009 ، ل 111)کەواتە دووبارەبونەوەی وشە بریتیە لەوەی کە وشەیەك زیاتر لە جارێك لە بونیاتی دەقەکە دا دووبارە ببێتەوە ، لە ڕەخنەی نوێدا ((لە ئەرکی جەختکردنەوە و دڵنیایی شاعیر و نوسەرەوە تێدەپەڕێ بۆ چەند بوار و ڕەهەندێکی تر ، کە پەیوەستن بە تەکنیك و جوانکاری شیعریەتەوە))(دەشتی ، 2012 ، ل 187)بە شێوەیەکی گشتی دووبارەکردنەوەی وشەکان ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر لە ئەندازیاریەتی هەڵبژاردنی وشەکان و دانانیان لە شوێنی دروست دیاردەکات چونکە ((دووبارە بوونەوەی وشەیەکی دیاری کراو لە شوێنە جیاجیا کانی ڕستە دا بایەخی ڕیتمی و بەهای واتایی هەیە)) (ئیبراهیم ، 2005 ، ل112)

**3-2-4 دووبارەکردنەوە لە ئاستی گرێ دا:**

جگە لە دووبارە کردنەوەی دەنگ و وشە زۆر جار شاعیران گرێ (دەستەواژە)لە نێو دەقە شیعریەکان دا بە مەبەستی دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعری دووبارە دەکەنەوە . واتە دووبارە کردنەوەی چەند جارەی گرێیەك پێکهاتێکی تری دووبارە کردنەوەیە . بە گشتیش مەبەست لە گرێ ((ئەو یەکە زمانییە کە لە وشەیەك یان زیاتر پێکهاتووە ، ڕۆلی یەکەیەك لە ڕستەکە دەگێڕێت))(صفوی،2018،ل260) شاعیر لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی ئەمر یەکە زمانییە ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکەی بەهێزتر دەکات هەروەها دووبارەکردنەوەی گرێ ((لە سەرێکەوە ڕایەڵە و تەلی ڕیتمر درێژ دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەش ڕەهەندی واتایی قولتر دەبێتەوە و دەست ڕەنگینی نووسەر لە وێنەیەکی پڕ ئێستاتیکا و جوانکاری زیاتر پیشان دەدات))(خۆشناو ، 2009،ل123)

**4-2-4 دووبارەکردنەوە لە ئاستی ڕستە دا:**

دووبارەکردنەوە لە ئاستی ڕستە دا ڕۆلێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی پلەی شیعرایەتی دەق لە بنیاتی ڕیتمیدا دەگێڕێت لە هەردوو ئاستی دەنگی و دەلالی دا، چونکە ((ئەو پرۆسێسە پێویستی بە گواستنەوەیەکی بنیاتی هەیە لە ئاستی دەنگسازیەوە بۆ ئاستی ڕستەسازی ، بە دەربڕینێکی وردتر ، بۆ ئاستی سیمانتیکی : ئاستی واتا و لۆجیك))(بکر،2004،ل80)دووبارەکردنەوەی ڕستە ((بریتییە لە چەند جارێك دووبارەکردنەوەی دێرە شیعرێك لە ناو شیعرەکە دا ، ئەمەش هەندێ جار دێرەکە کت و مت وەکو خۆی دووبارە

دەکرێتەوە هەندێ جاریش دێرە شیعرەکە بە هەندێك دەستكاریەوە دووبارەدەکرێتەوە))(حسێن ، 2017 ، ل 215)دووبارەکردنەوەی ڕستە هاوشێوەبونێکی فراوانتر لە بونیاتی دەق دا بەرجەستە دەکات . بە هۆی دووبارەبوونەوەی ڕستەکان دیاردەی بە یەکەوە بەستنەوەی دێرە شیعرەکە یان هەڵوەستەیەکە دێتە ئاراوە واتایەکی تۆکمە و ڕیتمێکی سەرەنجراکێش بۆ شیعرەکە فەراهەم دەکات ((دووبارەکرنا ڕستێ ، ژلایێ خوڤە ژ دیارترین دیاردێن شێوازگەرییە ژ بو پێکڤە گرێدانا تێکستێ ئەڤ جورێ دووبارەکرنێ جورە لڤینەکێ ددەتە ڕوخسارێ وێ ئاخفتن تێدا دهێتە دووبارەکرن بێ دووبارەکرنا واتایی تێدا ڕوودەت))(نهێلی ، 2007 ، ل236)بەم شێوەیە دەتوانین زنجیرەیەکی ڕێزبەندی بۆ هەر سێ ئاستەکانی دووبارەکردنەوە بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:دووبارەبوونەوەی ڕستە دووبارەبونەوەی وشە ، دووبارەبوونەوەی دەنگ .بە پێی ئەم ڕێزبەندیە بۆمان دەردەکەوێت کە بوونی دووبارەبونەوە لە لای ڕاست ئەوا بوونی دووبارەبوونەوە لای چەپ دەگرێتە خۆ ، واتە ئەگەر دووبارە بوونەوی ڕستە هەبێت ئەوا دووبارەبوونەوەی وشەش هەیە ، ئەگەر دووبارەبونەوەی وشە هەبێت ئەوا دووبارەبوونەوەی دەنگیش هەیە . بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕاست نییە ئەگەر دووبارەبوونەوەی دەنگ هەبێت مەرج نییە دووبارەبونەوەی وشە هەبێت ، ئەگەر دووبارەبوونەوەی وشە هەبێت مەرج نییە دووبارەبوونەوەی ڕستە هەبێت.

**5- دووبارەکردنەوە و ئاستەکانی لە شیعرەکانی (ئەمین بۆتانی)دا:**

دوای ئەوەی کە بە شێوەیەکی تیوری دووبارەکردنەوە و ئاستەکانیمان خستە ڕوو ، ئێستە هەوڵ دەدەین دووبارەکردنەوە لە ئاستەکانی زمان دا بەشێوەیەکی پراکتیکی بە نموونە شیعرەکانی (ئەمین بۆتانی)دا بخەینە ڕوو. بەم شێوەی خوارەوە:

**1-5- دووبارەکردنەوە لە ئاستی دەنگ دا:**

مەبەست لەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە ، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی زمان ، بە دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگانە خوێنەر هەست بە ئاوازی شیعری و جیاوازی زمانی شیعری لە گەڵ زمانی ئاسایی دەکات . لە بەر ئەوەی کە دەنگەکان هەمان دەنگە ئاساییەکانن بەڵام لە چۆنیەتی ڕێکخستنیان لە نێو دەقی شیعری دا شیعرایەتی بە دەق دەبەخشێت. ئەمەش بە چەند شێوەیەك دەبێت ، کە لە خوارەوە بە نموونەی شیعریەوە دەیانخەینەڕوو:

**1-1-5 دووبارەکردنەوەی تاك فۆنیم:**

| |
|---|
| وەرە هەڵۆی باڵ ئاگرین |
| هەڵۆی لە ئەرارات تەریو |
| هەر شاپەڕێکی گڕگرتووت |
| ئاسمانێك بۆی تێهەڵنایە |
| وەرە دەنگی دیار بەکر |
| وەرە گەروو و پەنجە شەکر، |
| وەرە دەنگی ئەو وڵاتەی. |
| پڕ لە هەڵەبجە و چیایە |
| گوێمان سووتا لە دووریتا |
| دوور لە سۆز و گۆرانیتا |
| وەرە بۆ نوێژی کینە ئەم |
| بەرماڵی گوێ ڕاخرایە، |
| هەر چەندە گوێمان وەڕس بێ |
| جێگەی بەستەکانتی تیایە |
| تۆش ئاگر لە گوێمان بەردە |
| تا دار و بەردی کوردستان |
| ببێتە چریکەی لاوك |
| بۆ گشت ئەم ئازار و دەردە، |

| |
|---|
| دەتۆش وەرە ئەی ئەوەی کە |
| ڕەنگ و بۆت لەمر خەمە دەچێ، |
| ئەی ئەوەی هەنسك و گریەت |
| بەمر برینە ئاشنایە. (بۆتانی، 2017 ،ل394- 395) |

لێرە دا شاعیر بە سوود وەرگرتن لە سێ دەنگی زمان بنیاتی ڕیتمی ناوخۆیی دەقەکە فەراهەمر کردووە ، لەوانەش دەنگی / ە / کە لەمر دەقە شیعریە دا (70) جار دووبارە بۆتەوە ،دوو بارەبوونەوەی ئەمر ڤاوڵە کورتە سیمایەکی مۆسیقی بە هێز و خێرای بە دەقەکە بەخشیوە شیعریەتی دەقەکەی پێ بەهێزتر کردووە . هەروەها دەنگی / ر / لێرە دا (34) جار دووبارەبۆتەوە. هەروەها دەنگی / و / (31) جار لە سەرتاپای دەقەکە دا دووبارەبۆتەوە ئێستا دەتوانین بنیاتی ڕیتمی ناوخۆیی ئەمر دەقە شیعریە لە ئاستی فۆنیمر دا بە پێی کۆبوونەوەی فۆنیمەکان و دووبارەبوونەوەیان لەمر خشتەی خوارەوە دا بخەینە ڕوو :

| ژ | دەنگ | چەند جارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| 1 | ە | 70 |
| 2 | ر | 34 |
| 3 | و | 31 |

**2-1-5 بەریەککەوتنی دەنگەکان:**

بەریەککەوتنی دەنگەکان جۆرێکی دیکەی دووبارەکردنەوەی تاك فۆنیمە بریتیە لەوەی کە ((لە وشەیەك یان دوو وشەی هاوسێی یەکتری فۆنیمە هاوشێوەکان بەریەك دەکەون))(خۆشناو،2008،ل57)واتە دەنگێك لە چوارچێوەی یەك وشە دا یا خود لە دوو وشە دا بەهۆی بەریەککەوتنیان دووبارە دەبنەوە ((ئەمر دیاردەیەش بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕیتمی تاکە وشەیەك یان دوو وشەی تەك یەکترە))(عزیز،2009،ل24) ئەمەش بە دوو شێوە دەبێت:

**2-1-5 بەر یەککەوتنی دەنگ لە نێو یەك وشە دا:**

| |
|---|
| ئەو چ جەللادێن تارینە . (ل14) |

دەنگی / ل / لە وشەی (جەللاد) دا بەر یەککەوتوون . دەنگەکان هەر یەکەیان کەوتۆتە نێو برگەیێکی وشەکەوە.

| |
|---|
| ئەنی و چاڤێت من ڤێککەفتن.(ل380) |

دەنگی / ك / لە وشەی (ڤێککەفتن) دا بەریەککەوتوون و ڕیتمی وشەیەکەیان بەهێزتر کردووە.

**3-1-5 بەریەککەوتنی دەنگ لە نێو دوو وشە دا:**

لێرە دا دەنگێك لە کۆتایی وشەی یەکەمر و ئەوی تر لە سەرەتای وشەی دووەمر دێت بەمر شێوەیە:

| |
|---|
| بیست و دوو ساڵە دەشۆردرێ و |
| قەد دەکرێ(ل94) |

دەنگی / د / دوو جار هاتووە، جارێکیان لە کۆتایی وشەی( قەد) هەروەها لە سەرەتای وشەی(دەکرێ) بەریەککەوتوون و دووبارەبۆتەوە.

| |
|---|
| من نیگامر بڕیبووە باخێك.(ل96) |

لێرە دا دەنگی / ن / لە کۆتایی وشەی یەکەمر و سەرەتای وشەی دووەمر دووبارە بۆتەوە.

**4-1-5 کۆنسنانس:**

ئەمر دیاردەیەش بریتییە لە هاوشێوەبوون و دووبارەبوونەوەی دەنگە نەبزوێنی پێش یان پاش بزوێنی گۆڕاو. لێرە دا مەرجە دەنگێك لە پێش یان دوای بزوێنە گۆڕاوەکە دووبارە ببێتەوە . بەڵامر ئەگەر هەر دوو دەنگی پێش و پاش بزوێنە گۆڕاوەکە هاوشێوە بوون ئەوا ڕیتمی وشەکە بەهێزتر دەبێت مەرجیشە دەنگە بزوێنەکە بگۆڕدرێت.

| |
|---|
| بە قەڵەمکێشی ناز و نوز.(ل434) |

لە نێوان (ناز – نوز) بزوێنەكان جیاوازن ، بەڵام نەبزوێنەكانی پێش و پاش بزوێنە گۆڕاوەكان یەكن ( ن – ز) واتە بە زمانی بڕگە ناوكیان جیایە بەڵام پەراوێزەكان هەمان دەنگن.

| |
|---|
| ئەڤیندارێن ژێر و ژۆر.(ل467) |

لێرە دا وشەكانی (ژێر – ژۆر) بزوێنەكان گۆڕاون / ێ – ۆ/ بەڵام نەبزوێنەكان لە پێش و دواوەی وەك یەكن / ژ – ر/

**5-1-5 دووبارەبوونەوەی جووت فۆنیم:** بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دوو فۆنیم بەم شێوازانەی خوارەوە:

**6-1-5 جووت هاودەنگی یەكگرتوو:** ((لێرە دا ، دوو فۆنیم ، لە دوو بڕگەی هاو دەنگی یەكگرتوو دا ، چوونیەك (أ +ب / أ+ب) یان پێچەوانە: ((أ+ب / ب+أ) كۆ دەكرێنەوە))(بەكر، 2004،ل83) وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

**وەكویەك:**

| |
|---|
| ئێسقانێكی هۆزانڤان |
| بە دزییەوە |
| خۆی دەكا بە كتێبخانەكاندا و |
| سۆراخی دوا قەسیدە و دواهەمین دیوان دەكا.(ل92) |

**لێرە دا جووتفۆنیمی (ان) لە وشەكانی (ئێسقان ، هۆزانڤان ، كتێبخانەكان ، دیوان) دووبارەبونەتەوە.**

**(ا+ن ، ا+ن ،ا+ن ، ا+ن ، ا+ن ، ا+ن)**

**پێچەوانە:**

| |
|---|
| هندی دەرگەهڤانێت سێڤا |
| بەهەشتێن كرمی بڤرۆشن |
| ئویشیێت پەلا. |
| ڤێڕا دگەهن |
| قەفتێن بەرا. (ل114) |

جووت فۆنیمی (ێت) لە وشەكانی(دەرگەهڤانێت ، بەهەشتێن ، ئویشیێت ، قەفتێن)

(ێت ، تێ ، ێت ، تێ)

**7-1-5 جووت هاودەنگی دابڕاو :**((لەم شێوەیە دا ، دوو فۆنیمی هاودەنگ لە دوو بڕگەی دابڕاو دا چوونیەك( (أ+ب / أ+ب) یان پێچەوانە (أ+ب / ب+أ) دووبارە دەبنەوە)) (بەكر ، 2004،ل83-84)

**چوونیەك(وەكویەك):**

| |
|---|
| كەڤر و بەرێن مەجڕی بوونە شەكر.(ل197) |

ە + ر ە+ر

**پێچەوانە:**

| |
|---|
| ژ مووسل تانی سۆمالێ.(ل259) |

**م – س س - م**

**2-5 دووبارە كردنەوە لە ئاستی وشە دا:**

وەك پێشتر لە بەشی تیوری ئاماژەمان پێكرد كە دووبارەكردنەوە لە ئاستی وشە دا ڕۆڵێكی گرنگ لە دروستكردنی ئاوازی ناوەوەی بنیاتی شیعری دا دەبینێت، چونكە شاعیر لە ڕێگەی دووبارەكردنەوەی وشەكان ، چێژ و جوانییەك بە شیعرەكەی دەبەخشێت و مۆسیقایەكی پتەو بۆ شیعرەكەی دروست دەكات . ئەگەر چی دووبارەكردنەوەی وشە لە لایەن هەندێ لە لێكۆلەران ((ب ئاسانترین ڕەنگێن دووبارەكردنێ))(حەسەنی، 2007،ل125) دانراوە . بەڵام دووبارەكردنەوەی وشە ئەندازیاریەتی شاعیر لە هەلبژاردنی وشەكان و چۆنیەتی چنینیان لە دەقی شیعری دا دیار دەكات. ئەم دووبارەكردنەوەیەش بە هەر دوو شێوەی ئاسۆیی و ستوونی دەبێت كە لە خوارەوە بە نموونە شیعرەكانی (ئەمین بۆتانی) ئاماژەی پێ دەكەین:

**5-2-1- دووبارە کردنەوە بە شێوەی ئاسۆیی:**

لێرە دا شاعیر وشەیەك یان چەند وشەیەك پتر لە جارێك بە شێوەی ئاسۆیی دوبارەی دەکاتەوە و بەهۆیەوە ڕیتمێکی سەرەنج ڕاکێش دروست دەکات و وێنەیەکی جوانیش بە دەقەکە دەبەخشێت.

| |
|---|
| ئاخۆ |
| دیوار دیوار |
| ئەم داهێلاینە ناڤ شینکاتیا عەسمانا |
| و.. |
| کێل کێل |
| ئەم نقوکرینە دناڤ تەلقینەکا بچریسەت |
| و.. |
| کفن کفن |
| ب ڕویسی ئەم هێلاینە ل ژڤانا شەرەڤێ (ل31-32) |

لێرە دا وشەکانی (دیوار ، کێل ، کفن) دوو جار بە شێوەی ئاسۆیی دووبارەبونەتەوە و بنیاتی ئاوازی ناوەوەی دەقە شیعرەکەیان پێکهێناوە .

**5-2-2 دووبارە کردنەوە بە شێوەی ستوونی:**

لێرە دا وشەکان بە شیوەی ستوونی پتر لە جارێك دووبارە دەبنەوە . واتە بریتییە لە دووبارەبوونەوەی چەند جارەی وشەیەك یان چەند وشەیەك بە شێوەی ستوونی بە پێی پێویستی بابەتەکە دووبارە دەکرێنەوە.

| |
|---|
| یەك دنیا دیاری جوانمان<br>لە لمر بۆتان چنی بوو، |
| هەموومان لە بیابان |
| فێری چەند کڵاشێکی لمر و |
| مەدالیای لمر و |
| بەلەمی لمر و |
| جزدانی لمر بووین، |
| خەتای خۆتانە نەتانزانیوە |
| ئەو نامە لماوییەی ئێمە<br>بخوێننەوە |
| هەموو ڕۆژێ |
| بە خاچی سوور بۆمان<br>دەناردن، |
| ئەوەندە بیری ئێوەمان<br>دەکرد |
| تا بووین بە لمر. (ل98) |

لێرە دا وشەی (لمر) (7 جار) بە شێوەی ستوونی دووبارە بۆتەوە و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی دروست کردووە.

**5- 2-3دووبارەکردنەوە لە ئاستی گرێ دا**:

جگە لە دووبارە کردنەوەی دەنگ و وشە زۆر جار شاعیران گرێ (دەستەواژە)لە نێو دەقە شیعریەکان دا بە مەبەستی دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعری بە کار دەهێنن ، واتە دووبارە کردنەوەی چەند جارەی گرێیەك پێکهاتێکی تری دووبارە کردنەوەیە . بە گشتیش مەبەست لە گرێ ((ئەو یەکە زمانییە کە لە وشەیەك یان زیاتر پێکهاتووە ، ڕۆڵی یەکەیەك لە ڕستەکە دەگێڕێت))(صفوی،2018،ل260) شاعیر لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی ئەم یەکە زمانییە ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکەی بەهێزتر دەکات چونکە ((دووبارە بوونەوەی گرێ لە شوێنە جیاجیا کانی ڕستە دا بایەخی مۆسیقایی هەیە))(ئیبراهیم ، 2012،ل112)ئەمین بۆتانی لە

چەند دەقە شیعرێکی دا گرێی لە سەرتاپای دەقەکە دا دووبارەکردۆتەوە و بنیاتی ڕیتمی ناوخۆیی دەقەکەی بە هۆی دووبارەکردنەوەی گرێیەکان فەراهەم کردووە ، وەك لەم نموونەی خوارەوە دا دەبینرێت:

| |
|---|
| هەڵەبجەی کورد |
| عەرشی نەهامەتی کەونە |
| هەڵەبجەی کورد |
| برینی ئەم تۆپەلە زەویە کەسکەیە |
| هەڵەبجەی کورد |
| فەرشی قیامەتی خەونە، |
| هەڵەبجەی کورد |
| سییەکانی |
| ئەم باو ئاسمانە تەسکەیە.(ل427-428) |

لێرە دا شاعیر گرێی (هەڵەبجەی کورد)ی چوار جار بە شێوەی ستوونی دووبارە کردۆتەوە ، کە وەکو پارچە زەویەکی بریندار و ستەملێکراوەی پارچە زەوی جیهانی پیشانداوە . واتە لە ڕێی ئەم گرێیەوە شاعیر ئاماژە بە ڕەهەندە دەرونیەکان دەکات و ئاوازی ناوەوەی لە ئاستی گرێ دا پێ دروستکردووە.

**5-2-4دووباره کردنەوە لە ئاستی ڕستە دا:**

دووبارە کردنەوە لە ئاستی ڕستە دا ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرز کردنەوەی شیعرایەتی دەق دەبینێت . لە ڕێگەی هەردوو ئاستی دەنگی و دەلالی دا ، چونکە هاوشێوە بوونێکی فراوانتر لە بونیاتی دەق دا بەرجەستە دەکات . دووبارە کردنەوە لە ئاستی ڕستە دا بریتییە لەوەی کە ڕستەیەك لە چەند شوێنێکی نێو هۆنراوەکە دا وەکو خۆی یان هەندێ جار ڕستەکە یان دێرەکە بە هەندێك دەستکاری سووکەوە دووبارە ببێتەوە. لە هەردوو باریش دا ڕیتمی شیعرەکە((درێژ دەبێتەوە بەمەش مۆسیقای پارچەکە خۆشتر و خێراتر دەبێ ، لە لایەکی دیکەوە دەلالەتی چەند وشەیەك یان چەند ڕستەیەك لە ڕووی واتاوە قولتر دەبێتەوە و بەهای ئێستاتیکی بەرزتر دەبێ و ڕۆشنایی زیاتر دەکەوێتە سەر دەربڕینەکە و مەبەستی تایبەتی نووسەری لە پشت بە دیاردەکەوێ))(خۆشناو، 2009،ل133) ئەمین بۆتانی لە چەندین دەقی شیعری دا ڕستەی دووبارەکردۆتەوە ، کە بە هۆیەوە ڕیتمێکی سەرەنج ڕاکێشی بۆ دەقەکەی دروستکردووە ، وەك لەم نمونەی خوارەوە دا دەردەکەوێـت:

| |
|---|
| ئێسقانەکان بە کۆرس |
| کۆڕالی بیابان دەچڕن: |
| زوو بمانشارنەوە |
| بەرگەی ئازادی ناگرین، |
| زوو بمانشارنەوە |
| با هەناسەمان لێ نە ڕوێ، |
| زوو بمانشارنەوە |
| با بیری بیابان نەکەین، |
| زوو بمانشارنەوە |
| با پەشیمان نەبینەو و بژین.(ل93) |

لێرە دا شاعیر ڕستەی (زوو بمانشارنەوە)چوار جار وەك خۆی و بێی دەستکاری دووبارەی کردۆتەوە ، کە بەهۆیەوە گلەیی و نارازاییەکانی شەهیدان دێنێتە گۆ ، کە لە پێناو ئازادی و ژیان و وڵاتەوە گیانیان سپارد.

**5-3 شێوازەکانی تری دووبارە کردنەوە:**

**5-3-1- دووبارە کردنەوەی سەرەتایی:**

ئەم جۆرە دووبارە کردنەوەیە لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا باوە ، بریتییە لە دووبارە کردنەوەی فۆرمێکی زمانی لە سەرەتای شیعرەکە یا خود لە سەرەتای کۆپلەکانی شیعرەکە کاریگەری ئەم جۆرە دووبارە کردنەوەیە پەیوەستە بە توانا و شێوازی شیعری شاعیر، بەلای ئازاد ئەحمەد مەحموودەوە ((ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە گەڕانەوەیە ، بۆ مەبەستی گەیشتن بە بوارێکی شیعری

دیاركراو ، لە چەند داڕشتنی هاوشێوە یان جیاواز دا لە سەر ئاستی ڕیتمی و دەلالی جەخت لە سەر ورژاندنی حاڵەتێكی زمان دەكاتەوە)) (مەحموود،2005،ل176)بۆتانی لە چەند دەقە شیعرێكی دا بە سوود وەرگرتن لەم جۆرە دووبارەكردنەوەیە ڕیتمی ناوخۆیی دروستكردووە، وەك لەم نمونەی خوارەوە دا دیار دەبێت:

| |
|---|
| خانەدانا سەركەفتییا |
| مفتییا ژان و هیڤییا |
| خەمەكی ژ دلی حەرام كە |
| بو من خەونەكێ حەلال كە |
| ... |
| *** |
| خانەدانا سەركەفتییا |
| مفتییا ژان و هیڤییا |
| دل بێ ڕكەهـ و مریدە |
| دەفتەركا من پڕ شەهیدە |
| ... |
| *** |
| خانەدانا سەركەڤتییا |
| مفتییا ژان و هیڤیا |
| سەر و دل تێكدا بەلاڤم |
| بەرزەمە بێ جهـ و ناڤم..(ل176-177 |

ئەم قەسیدەیە لە سێ كۆپلە پێكدێت كە سەرەتای هەرسێ كۆپلە بەكۆپلەی(خانەدانا سەركەفتییا مفتییا ژان و هیڤیا)وەك خۆی و بێی دەست كاری دووبارە بۆتەوە و بەمەش بنیاتی ڕیتمی ناوخۆی دەقەكەی فەراهەم كردووە.

**5-3-2-دووبارە كردنەوەی بازنەیی:**

بریتییە لە دووبارە بوونەوەی فۆڕمێكی زمانی لە سەرەتا و كۆتایی شیعرەكە یا خود سەرەتا و كۆتایی كۆپلەكان وەكو بازنەیەكی داخراو  لە داڕشتنی شیعرەكە دا. بۆتانی لە چەند دەقە شیعرێك دا ئەم شێوازە دووبارەكردنەوەی بە كار هێناوە و بنیاتی ڕیتمی ناوخۆیی دەقەكەی پێ فەراهەم كردووە وەك لەم نموونەی خوارەوە دا دیار دەبێت:

| |
|---|
| هۆی دەنگی دلێ من |
| دناڤ نالینا بێدەنگیێ ... تە دبیهزم. |
| ...... |
| هۆی دەنگێ دلێ من. |
| *** |
| هۆی دەنگێ دلێ من |
| تو خاپاندی زەنگولا بەراهیێ... هەیواخ دلۆ. |
| ...... |
| هۆی دەنگێ دلێ من |
| *** |
| هۆی دەنگێ دلێ من |

| |
|---|
| برینە ڕەڤیایە ژ دەستێ تیرا... چارە نینە. |
| ...... |
| هۆی دەنگێ دلێ من(ل 192-193) |

**5-3-3- دووبارە كردنەوەی كۆتایی:**

بریتییە لە دووبارە كردنەوەی فۆڕمێكی زمانی لە كۆتایی دەقی شیعری یا خود لە كۆتایی كۆپلەكان ، ئامانجی سەرەكی ئەم جۆرە دووبارە كردنەوەیە ((چڕكردنەوەیەكی هێمایی و ڕیتمییە لە كۆتایی هۆنراوەكە چەقبەست دەبێت))(گەرمیانی،(؟) ل145)لە ڕێگەی ئەم دووبارە كردنەوەیە شاعیر دەیەوێت پەیامێك بگەینێت و بنیاتی ئاوازەیی دەقەكە بەمر دیاردەیە بە هێز بكات چونكە ((ئەڤ دووبارەكرنە مینا ئاگەدارکرنەکێ یە بو وەرگری کو ئەڤە دووماهیکا شیعرێیە یان یا کوپلە شیعرێ))( حەسەنی،2007،ل139)جگە لە فەراهەمكردنی بنیاتی ڕیتمی لەم جۆرە دووبارە كردنەوەیە دا ، زۆر جار شاعیر بە مەبەستی جەختكردنەوە و دەربڕینی ڕەهەندە دەروونیەكان پەیڕەوی ئەم شێوازە دووبارەكردنەوەیە دەكات . بۆتانی لەچەندین دەقی شیعری دا دووبارەكردنەوەی كۆتایی بە چەندین شێوازی جیاواز بە كار هێناوە .كە لە هەندێ دەقەكان دا وشەی لە كۆتایی كۆپلەكان دا دوبارەكردۆتەوە و لە چەندین دەقی شیعریش دا دێری تەواو وەك خۆی بێ گۆڕانكاری لە كۆتایی كۆپلەكان دا دووبارەی گردۆتەوە. وەك لەم نمونەی خوارەوە دا دەردەكەوێت:

| |
|---|
| ئێڤارە نەوروزە کورد لدەشت و بانییان |
| ڕوناهی ڤێخستن ل تەڤ بلنداهییان |
| پیروزکرن ل هەڤ چەژنا ئازادیێ |
| کوردستان گەش بوویە کەت ناڤا شادیێ |
| نەوروزە نەوروزە چەژنا کوردێ ئاری |
| تە ژیان بەلاڤکر نەمان زۆر و تاری |
| *** |
| ڕەنگێ ژینێ گرتن زنار و نەوالان |
| وارێ مە ئاڤایە جهێ باڤ و کالان |
| ئەمێ ب پارێزین د ناڤ دل و چاڤان |
| پێشمەرگە و کوردستان خوەشتر ژ هەمی ناڤان |
| نەوروزە نەوروزە جەژنا کوردێ ئاری |
| تە ژیان بەلاڤکر نە مان زۆر و تاری.(ل282-283) |

**6- ئەنجام:**

١- دووبارەكردنەوە لە هەموو ئاستەكانی زمان دا لە دیوانی (هەڵبەست)ی ئەمین بۆتانی دا دەبینرێت ، لە گەڵ چەندان شێوازی تری دووبارەكردنەوە لەوانەش دووبارەكردنەوەی(سەرەتایی ، كۆتایی ، بازنەیی)كە لە توانادایە لێكۆڵینەوەی فراواتر لە دیوانی شاعیر دا لەم بوارە دا ئەنجام بدرێت.

٢- شاعیر لە دووبارەكردنەوە لە ئاستی دەنگ دا لێهاتووی خۆی پیشانداوە ، لە هەلبژاردنی جۆری دەنگەكان كە لە دەنگی بزوێن دەنگی /ە/ هەلبژاردووە مۆسیقای ئەم دەنگە مۆسیقایەكی خێرایە ، لە دەنگی نەبزوێن دەنگی /ر/ هەلبژاردووە كە ئەمەش دەنگێكی گڕە ، دەنگە گڕەكانیش زیاتر هەست بە ئاوازەكەیان دەكرێت لە دەنگە كپەكان ، هەروەها دەنگی /و/كە ئەمەش دەنگێكی نیمچە بزوێن و نیمچە نەبزوێنە. واتە هەلبژاردنی دەنگەكان و دروستكردنی ئاوازی ناوەوە كارێكی ڕێكەوت نەبوە ، بەڵكو سروشتی ئەم دەنگانە بۆ مۆسیقای شیعری گونجاون.

٣- دووبارەكردنەوە لە ئاستی وشە دا بە هەردوو شێوەی ئاسۆیی ستوونی لە دیوانی شاعیردا دەبینرێن ، شاعیر ئەو وشانەی كە بە شێوەی ئاسۆیی دووبارەی كردوونەتەوە ، سێ وشەی جیاوازی دووبارەكردۆتەوە ، بەڵام بە شێوەی ستوونی یەك وشە حەفت جار دووبارەی كردۆتەوە ، هەروەها بۆمان دەركەوت كە دووبارەبوونەوەی ستونی زیاتر بوون وەك لە دووبارەبوونەی ئاسۆیی لەم ئاستەدا.

٤- دووبارەکردنەوە لە ئاستی گرێدا لە دیوانی شاعیر دا ، بۆمان دەرکەوت کە شاعیر لە ئاستی گرێ دا پەیڕەوی دووبارەکردنەوە بە شێوەی ستوونی و دووبارەبوونەوەی گرێی تەواوی کردووە.

٥- دووبارەکردنەوەی ڕستە لە جۆری (دووبارەبوونەوەی ڕستەی تەواو)لە دیوانی شاعیر دا بەرجەستە کراوە ، بە هۆی دووبارەکردنەوەی ڕستەکانەوە ئاواز و مۆسیقایێکی سەرەنج ڕاکێش و وێنەیەکی جوانی بۆ دەقەکانی فەراهەم کردووە.

٦- لە شێوازەکانی تری دووبارەکردنەوە ، دووبارەکردنەوەی (سەرەتایی تەواو)و دووبارەکردنەوەی (بازنەیی تەواو)و دووبارەکردنەوەی (کۆتایی)لە شیعرەکانی شاعیر دا بەرجەستە کراون.

٧- ئەو خاڵەی کە (ئەمین بۆتانی) لە زۆرێك لە شاعیرانی تر جیا دەکاتە لە بواری ڕیتمی ناوخۆ و بە کار هێنانی دیاردەی دووبارەکردنەوە ، دووبارەکردنەوەیە لە سەر ئاستی (دەق)دا ، واتە شاعیر دووبارەکردنەوەی لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و گرێ و ڕستەی بەزاندووە و زۆرجار دووبارەکردنەوەکە لە ئاستی کۆپلە و دەق دا دەبینرێت ، کە ئەمەش دیاردەکە زیاتر بەرچاو دەکات و ئاستی هونەریەکەش بەرزتر دەکات.

## لیستی سەرچاوەکان:

### أ- کتێبی کوردی:


- ئەحمەد ، پەخشان عەلی (٢٠٠٩) ، شێوازی شیعری گۆران ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی.
- ئیبراهیم ، محمد عبدالکریم (٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- بەکر ، د،محمد (٢٠٠٤)، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ی ئاراس، هەولێر.
- بەکر،د.محمد (٢٠٠٤)، پەخشانە شیعری کوردی ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ی ئاراس ، هەولێر.
- حەسەنی، یاسر(٢٠٠٧)، بنیاتێ ڕیتمێ د شیعرا نوویا کوردی دا دەڤەرا بەهدینان( ١٩٧٠-١٩٩١)،چاپا ئێکێ ، دەزگەهێ سپێرز بو چاپ و وەشانێ ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر.
- حسێن ، جەبار ئەحمەد(٢٠٠٨)، ئێستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق (1950-1970) ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
- حەسەن، یاسر(٢٠٠٧)، بنیاتێ ڕیتمێ د شیعرا نوویا کوردی دا دەڤەرا بەهدینان 1970-1991،چاپا ئێکێ ، دەزگەهێ سپێرز بو چاپ و وەشانێ ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر.
- حەوێز، سروشت جەوهەر(٢٠١٨)، ئازاد دلزار و تازەکردنەوە لە شیعری کوردی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

حەسەنی ، یاسر ،(2007)بنیاتێ ڕیتمی دشیعرا نوویا کوردیدا ، دەڤەرا بەهدینان، (1970- 1991) چاپا ئێکێ ، چاپخانا حاجی هاشم ،هەولێر.

- خاڵ، شێخ محمد(٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.
- خۆشناو ، هێمن عومەر (٢٠٠٩ ، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی ، لێکۆلینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکیە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر.
- دەشتی، د.عوسمان(٢٠٠٩)، شیعری ناوچەی موکریان نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- دەشتی ، د.عوسمان(٢٠١٢)لە بارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
- ڕەشید، د.مەسعود جەمیل(٢٠٢١)، کێشناسیا فێرکاری، چاپا ئێکێ ، چاپخانا وەشەنخانا پەرتووکخانا گازی، دهۆك.
- ڕەشید، د.مەسعود جەمیل(٢٠١٧)، کێش و سەروا د هوزانا کوردی دا، چاپا ئێکێ ، چاپخانا هێڤی ، هەولێر.
- زامدار، مەحمود(١٩٨١)،لەبانیژەی شیعرەوە، چاپخانەی الجدیدە، العراق،البغداد.
- سەعدون، سامان عیزەدین(٢٠٠٩)، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- سەعید، ناز ئەحمەد(٢٠١٣)،لادان لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- صفوی کۆرش(٢٠١٨)، لە زمانەوانیەوە بۆ ئەدەبیات ، و. د.عوسمان دەشتی، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات، کۆیە.
- عارف، حەمە کەریم(٢٠٠٦)، فەرهەنگی گۆڤەند و ناز – فارسی – کوردی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- عمر، د.محمد عمر (٢٠١٣) ، فەرهەنگی مەورید ، چاپی دووەم ، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیاری ، سلێمانی.
- عومەر، ئاسۆ(٢٠٠٩))بها ئێستاتیکیەکانی شیعر ، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- گەردی، د.عەزیز(١٩٧٥)، ڕوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا(جوانکاری) بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
- گەردی، د.عەزیز(١٩٩٨)، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕەوشەنبیری، هەولێر.
- گەردی، ژوان عەبدولسەلام عەزیز(٢٠١٨)، شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی( فیلۆلۆجی لیۆ شپیتزەر) دا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- لێژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کورد ،(ئامادەکردن) (٢٠٠٦) ، زاراوەی ئەدەبی – کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.
- مستەفا، د.ادریس عبدالله(٢٠١١)، لایەنە ڕوانبێژیەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- موستەفا ، سور کێو(٢٠٠٨) ، فەرهەنگی گیرفانی دیدار (ئنگلیزی – کوردی) ، چاپخانەی چوار چرا.
- ناوخۆش ، سەلام(٢٠١٣)، فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی – کوردی)چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕوشنبیری، هەولێر.

- نهێلی، نعمت الله حامد(٢٠٠٧)، شێوازگەری تیوری و پراکتیك ڤەکولینەك د بیاڤێ هوزانێ دا ، دەزگەهێ سپێرز بۆ چاپ و وەشانێ ، چاپخانا حاجی هاشم ، هەولێر.

- نهێلی، نعمت الله حامد(٢٠١٣)، پراکتیزەکرنا ڕەخنا نوو یا ئەنگلۆ ئەمریکی لسەر تێکستێن گرووپا نووکرن هەر و هەر، چاپخانا هاوار، دهۆك.

- نیزامەدین ، فازیل(٢٠١٣) ، فەرهەنگی "شیرین" ی نوێ ، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیاری ، سلێمانی.

- هەژار ،(١٣٨٨) هەنبانە بورینە ، فرهنگ کردی – فارسی ، انتشارات سروش چ٦ ، تهران .

**ب - نامەی ئەکادیمی:**

-ئەیوب، بنار حسێن (٢٠٢٠)، پاتکردنەوەی لێکسیکی لە زمانی کوردی دا ، ماستەر ،ڤاکەڵتی پەروەردە ، زانکۆی سۆران.

- عەلی ، زانیار صالح(٢٠١٥) بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردی دا ، ماستەر ، سکولی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

- عزیز، هیوا نورالدین (٢٠٠٩)، بنیاتی ڕیتم لە شیعرە کوردیەکانی عبدالله بەگ مصباح الدیوان دا، ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**ج- گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- حسێن ، د.شێروان ،( ٢٠١٧) ، دووبارەبوونەوەی واتایی لە مەم و زینی خانی دا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژمارە(١٣) .

-فەقی، کارزان(٢٠٢٠)، دووبارەکرن د دیوانا (گەمیەك ل ناڤ بیابانێ) یا هوزانڤان(موئەیەد تەیب)یدا، گوڤارا پەیڤ، ژمارە (٨٣)دهوك.

- گەرمیانی ، عادل، سال... ، تەکنیکی دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی سەباح ڕەنجدەر دا ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٢٠)هەولێر.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

**أ-کتێبی عەرەبی:**

-الوجي، عبدالرحمن (١٩٨٩), الايقاع في الشعر العربي ,طبعة 1,دار الحصاد, دمشق.

- ارسطو (١٩٧٩) , الخطابة , وعقر عليه عبدالرحمن البدوي , دار القلم , بيروت , لبنان.

- جان کوهين، (١٩٨٦)، بنية اللغة الشعرية, ترجمة: محمد الولي و محمد العمري, الطبعة الأولى, دار توبقال للنشر, الدار البيضاء, المغرب.

- عبيد، د.محمد صابر(٢٠٠٢)، شعريه الايقاع السمعي و نبوءة الرؤية الشعرية , مجلة الاقلام , بغداد.

ب- نامەی ئەکادیمی:

- زروقي, عبدالقادر علي(٢٠١٢),اساليب التكرار في ديوان سرحان يشرب القهوة في الكافيتيريا - المحمود درويش, رسالة الماجستير, كلية الاداب و اللغات ,جامعة الحاج خضر – باتنة-

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Scott,Arthur Finley,1980,Current literary Terms, Published by theMacmillan press Ltd. London.

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

**-علوان , محمد علي (؟) ,** www. kotobarabia.com

**دور التكرار في تأسيس الإيقاع الداخلي للشعر , أشعار أمين بوتاني نموذجا.**

**محمد بكر محمد**
كلية التربية/ جامعة صلاح الدين-اربيل
salarahmed416@gmail.com

**سالار احمد فخرى**
كلية التربية/ جامعة صلاح الدين-اربيل
su.edu.krd@mohammed.bakir

**ملخص**

يعتبر الإيقاع إحدى العناصر الأساسية في تأسيس النصوص الشعرية، لإنه يمكن أن تكون هناك نصا شعريا، من غير وزن وقافية، ولكن لا يجوز أن يكتب نص شعري بدون إيقاع، والذي نقصده به هو الإيقاع الداخلي، والذي له إرتباط قوي بالحالة النفسية للشاعر، والإيقاع الداخلي في النصوص الشعرية المعاصرة كانت بمثابة البديل الحقيقي للإيقاع الخارجي، كونها أعطى الشعراء من خلال الإيقاع الداخلي موسيقة إبداعية بنصوصهم الشعرية.

وأحد الظواهر المهمة في الإيقاع الداخلي، هي التكرار، لهذا يعد التكرار بأحد الركائز الأساسية في صناعة الأبعاد الموسيقية للشعر، ويلاحظ هذا بصورة شائعة في الشعر المعاصر، لذلك يعتبر التكرار بإحدى الخصائص البارزة في الشعر المعاصر الكوردي.

أمين بوتاني هو أحد شعراء الكورد المعاصرين، والذي لعبت كلماته دورا مهما في إنشاء الإيقاع الداخلي والأبعاد الموسيقية في شعره، لغته الشعرية مليئة بظاهرة التكرار فأغنى به الإيقاع الداخلي للشعر ، و ديوانه (هەڵبەست) الذي طبع في الفترة الأخيرة، أصبح نموذجا تطبيقيا لهذا البحث.

**الكلمات المفتاحية :** الإيقاع, الإيقاع الداخلي, التكرار, امين بوتاني .

**The role of repeatition in establishing the internal rhythm for poetry. Poetries of Ameen Botany as model**

**Mohammed Bakir Mohammed**
Collage of Education, Salahaddin University-Erbil
mohammed.bakir@su.edu.krd

**Salar Ahmed Fakhri**
Collage of Education, Salahaddin Universty-Erbil
salarahmed416@gmail.com

**Abstract**

Rhythm is considered as one of the most basic compoments of forming. A Poetic text, because there might be Poetic text without a rhythm and meter but there is not a Poetic text without rhythm. We mean by that the internal rhythm, which is related to the psycholgoic state and feelings of a Poet. And the internal rhythm in the modern Poetic texts is as an alternative for the external rhythm. The Poem can give a nice tune to their texts through internal rhthym. One of the most important phenomena of the internal rhythm is repeatition. Therefore repeatition is considered as one of the most basic Pillars of forming musical Poems. This can be easily seen in the modern Kuridsh Poetic texts. Ameen Botany is a modern Kurdish Poet. And his texts played a fundamental role in forming the ineternal rhthym and musical dimension in his Poems. His Poetic language is full of repeatition phenomena. And he enriched the interenal rhythm of the Poem by the repeation phenomena. His Poetical Works (Halbast) Which was Printed recently become an apllied model for this research.

**Keywords:** Rhythm, internal rhythm, repeatition, Ameen Botany.